دەفرەکان داپۆشن ،کوندەکان ببەستنەوە، ودەرگاکان دابخەن، وڕۆشناییەکان بکوژێننەوە؛ شەیتان کوندەکان ناکاتەوە، ودەرگا ناکاتەوە، و(سەری) دەفرە داپۆشراوەکان لانادات

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دەفرەکان داپۆشن ،کوندەکان* ببەستنەوە، ودەرگاکان دابخەن، وڕۆشناییەکان** بکوژێننەوە؛ شەیتان کوندەکان ناکاتەوە، ودەرگا ناکاتەوە، و(سەری) دەفرە داپۆشراوەکان لانادات، ئەگەر یەکێکتان هیچ شتێکی دەستنەکەوت کە دەفرەکانی پێ داپۆشێت جگە لە لقە دارێکی بچووک نەبێت، با ناوی خودا بهێنێت، وئەنجامی بدات^، چونکە مشک خانوو دەسووتێنێت لەکاتێکدا نیشتەجێبووانی لە نێویدان». *(کوندە: لە پێستی ئاژەڵ دروستدەکرێت ئاو وشیر وشتی تری تێدا هەڵدەگیرێت لە گوندەکاندا زۆرجار هەیە)، **(ڕۆشنایی: وەکو گڵۆپ ومۆم وهەرشتێکی تر کە ڕووناکی ببەخشێت بەتایبەت ئەگەر لە ئاگر بێت)، ^(با ناوی خودا بهێنێت وئەنجامی بدات: واتا پاش ئەوی ناوی (خودای هێنا -ووتی: بسم الله- ئەوا با سەری دەفرەکە بەو لقە دارە داپۆشێت

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بەوەی دەفرەکان داپۆشین، ئەمیش بۆئەوەی پارێزراو بێت لە مێرووەکان، وهەموو شتێکی زیانبەخش، ولەوەیە نەخۆشی بۆ نێویان دابەزێت، ودەبێت دەمی کوندەکان* ببەستینەوە، ودەرگاکان دابخەین چونکە ئەمانە سوود وبەرژەوەندی ئاینی ودونیایی تێدایە وپاراستنی نەفس ومااڵە لە خەڵکی خراپ وتێکدەر. وهەروەها ڕێنمونێنی کردووە بۆ کوژاندنەوەی ڕۆشناییەکان** چونکە ئەمە پاراستنی ماڵی وخێزانی تێدایە لە زیانی سووتان بەتایبەت ئەگەر ڕۆشناییەکە لە ئاگر بێت. وفەرموودەکە باسی خەوتن دەکات لە شەودا، وباسی ئەوە دەکات کە شەیتان ناتوانێت سەری مەنجەڵ یان دەمی کوندەیەک لابات ئەگەر دابخرێن، وناتوانێت دەرگا بکاتەوە، وئەگەر شتێک نەبوو بکرێتە سەری ئەو مەنجەڵانە بەشێوەیەک ناوەوەی دەرکەوت یان هەندێکی دەرکەوت؛ ئەوا شتێک وەکو لقە دارێک دەخاتە سەری وئەمە شوێنی قەپاغی سەری دەفرەکە دەگرێتەوە، وپێویستە لە کاتی دانانی شتێک لەسەری مەنجەڵ یان بەستنی دەمی کوندەک یان داخستنی دەرگادا مرۆڤ ناوی خودا بهێنێت (بڵێت: بسم الله)، وباسی ئەوەی کردووە کە ڕۆشنکەرەوەکان بەتایبەت ئەوانەی بە ئاگر کاردەکەن ئەگەر لە کاتی خەوتندا مرۆڤ نەیانکوژێنێتەوە؛ ئەوا مشکەکان یاری پێدەکەن ودەبنە هۆی سووتانی خێزان ومااڵ لە کاتی خەوتندا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8925